# ئەدەبی کوردی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا

نووسەر : م. ب . ڕۆنیکۆ

* وەرگێڕ : د. کامران ئەمین ئاوە .

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە کۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵدا. ئەریستۆکراسی قەومی پاش تێکشکاندنی شێوەی قەبیلەیی لە ناکاو سەری هەڵدا و نوێنەرانی ئایینی کورد دوای خاوەنیەتی زەویوزارێکی زور وەکو توێژی زەویدار ـ فیودالی داهاتوو بە تایبەت لە حکوومەتی عوسمانیدا بە هۆی دەسەڵاتی بێ ئەم لا و ئەو لای داوەری و خەزانەداری هاتنە کایەوە . بەرز بوونەوەی ڕادەی باج و بانگاواز کردنی خەڵک بۆ ناو ئەرتەش، باری سەرشانی خەڵکی برسی و بێدەرەتانی کوردی قورستر و نالەبارتر کرد . ئەمانە هەموو بوونە هۆی سەرهەڵدانی دڵازاری لە ناو کوردان و پاشان سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەدرخان ، جەوانشیر، عوبەیدیللا و ..... ئەمە یەکێک بوو لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژوویی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا. ئەم شۆڕشانە هەموو جار لە لایەن حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی و بە یارمەتی وڵاتانی بێگانەوە بە تایبەت بریتانیا بێڕەحمانە سەرکوت کران. لەم کاتە سەختانەدا ویست و ئارەزووی گەلی کورد لە نێو شیعرەکاندا خۆی دەنواند. شاعیر و پایەبەرزی کورد حاجی قادری کۆیی دەنگبێژ و ئیلهامبەخشی شۆڕشی کورد بوو. لە شیعرەکانی کۆییدا دوو شێوەی تایبەتی بە ڕوونی جیا دەکرێنەوە. هۆنراوە بە شێوەی شاعیرانی کلاسیک و هۆنراوە بە پێی دۆزی کۆمەڵایەتی. "کۆیی" وەکو مامۆستای شیعر بە تەواوی بە سەر فەننی شیعری ، هونەر و زمانی شیعری کلاسیکی کوردیدا زاڵ بوو. زمانی کۆیی بۆ بەیانی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی ساکار و ڕوون بوو. شاعیر بە نووسینی شیعرەکانی تێدەکۆشی کە تا ئەو جێگە کە دەتوانێ شیعرەکانی ساکارتر بکا و لە ژێر کارتێکەری عەرەبیسم و فارسیسم ڕزگاریان بکا و هەروەها لە فۆڕمی نامەفهووم پاکیان بکاتەوە. حاجی قادر لە شیعرەکانیدا وڵاتی بەر چاوی خۆی بە چەشنێکی ڕوون دەڕازێنێتەوە و ڕواڵەتی ئیمپڕاتووری عوسمانی بە جوانی پیشان دەدات. شاعیر ئازایانە درێژە دەدا بە ڕۆشنگەری و حکوومەتی عوسمانی وەکو بەردی بەرپێی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکەی دەناسێنێ و دەیداتە بەر هێرش . لە شیعرێکیدا دەڵێ کە وەزیر و وەکیلەکان گورگن و خەڵکی مەڕ. ئارەزووی حاجی قادر ئازاد کردنی نەتەوەی کورد لە ژێر زوڵم و زۆری ئیمپڕاتوری عوسمانی و گەیشتن بە کوردستانێک بوو کە لەوێدا زانست و هونەر پەرە بگرێ و دادپەروەری و یەکسانی زاڵ بێ. شاعیر مەرجەکانی گەیشتن بەم ئارەزووە ئاوا بەیان دەکا :

ـ تەواو کردنی دوژمنایەتی و چەند بەرەکی تێوان عەشیرەکان

ـ یەکگرتوویی تێوان هەموو قەوم و عەشیرەکان

ـ بنەبڕ کردنی نەخوێندەواری

ـ ڕۆشنگەری و خەباتی چەکدارانە

ئاڵوگۆڕیەکانی تورکیا لە پێوەندی لە گەڵ چەرخی ڕیفۆڕم، کارتێکەریەکی بەرچاویان لە سەر نوسراوەکانی حاجی قادر دانا کە نیشانەی تێگەیشتنی شاعیر و نەخشی گەورەی ئەو لە ڕۆشنگەری و چارەنووسی داهاتووی گەلی کورد دایە. شاعیر بە خۆشحاڵیەکی زۆرەوە باسی ئاخرین دەسکەوتەکانی زانستی ئوروپا دەکا و بانگەوازی گەلەکەی دەکا بۆ فێر بوونی زانستی نوێ :

تۆ وەرە فەننێ فێر بە چیتە لە وە
گاورە، هیندووە و یا خود جووە
ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە
ساحیبی فەن و عیلم و عیرفانە

شیعرەکانی کۆیی نیشاندەری دەست پێکردنی دەوراتێکی نوێ لە پێش کەوتنی ئەدەبیاتی کلاسیکی کورد بوون.

کۆیی سەرەڕای ئەو ڕێبازە گشتییەی کە تەواوی شاعیرانی ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی پێکەوە پێوەند دەدا، تایبەتمەندی خۆی هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە هەستی بەرزی شۆڕشگێڕانە، ئینترناسیۆنالیزمی قووڵ و لایەنگری لە تەواوی گەلانی زوڵم لێکراو لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیدا. هۆنراوەی شاعیراتێک وەکو حەمدون(1853 ـ 1915)، ئەحمەدی جەلیلی (1834 ـ 1904) پیشاندەری ڕووداوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەم و هەروەها پێهەڵکوتنی سروشت بوو. شیعرەکانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی (1842 ـ 1910) کە داهێنەری شێوەی "هەجو" لە ناو کورد دا بوو، لە بنەڕەتدا دژی دەسەڵاتداری و بێعەداڵەتی عوسمانیەکان بوو. لە نووسراوەکانی تاڵەبانیدا ناکۆکی دەبیندرێ. ئەو کە کوڕی یەکێک لە پێشەوا ئایینیەکانی تەریقەی سۆفیگەری بوو، لە لایەکەوە بە سەر شێخی سۆفیاندا هەڵیدەکوت و لە لایەکی تریشەوە نەیدەتوانی لە دوڕوویی و ڕیاکاری ئەو کەسانە چاوپۆشی بکا کە لە پێناو ئامانجی تایبەتی خۆیاندا لە ئایین و مەزهەب کەڵکیان وەردەگرت :

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگە خەو
تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو

نوسراوەکانی هەجوی تاڵەبانی ڕۆڵێکی گەورەیان لە پێشکەوتنی ئەدەبی دیمۆکراتیک و مودێرنی کورد و هەروەها بیر و ڕای پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگای کورددا هەبوو. هەر لەم دەورەیەدا ڕەوتی تریش لە ناو شیعری کوردیدا دەبیندران و زۆرێک لە شاعیرانی لایەنگری ئەم ڕەوتە دەیانهەویست زیاتر لە کونجی گۆشەنشینی و لە چوارچێوەی غەزەلیاتی ئایینی و عیرفانیدا بمێننەوە. شاعیرگەلی لایەنگری ئەو ڕەوتە بریتی بوون لە : سالمی نیا (1846 ـ1909)، ماجیدی (1849ـ 1925)، مەحوی(1830 ـ 1909)، حەریق (1865 ـ 1909) کە وەکو مامۆستای غەزەل، شیعرەکانی زۆر بە نرخ بوون. هەروەها میسباح الدیوانی ئەدەب (1859ـ 1916) غەزەلبێژی گەورە کە لە شیعرەکانیدا زیاتر ئەوینی عەرزی، هەستی ئینسانی، سروشت و خۆشیەکانی ژیان ڕەنگیان داوەتەوە.

لە نوسراوەکانی ئەم شاعیرانەدا، ئەرکی سەرەکی بەردەم کۆمەڵگای کورد، ڕەوتی ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد ڕەنگی داوەتەوە.

بە گشتی ئەدەبی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە، درێژەی ئەدەبی باوی سەردەم و مەدرەسەی نالی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بوو. لە نوسراوەکانی شاعیرانی دیموکراتی ئەم سەدەدا، بیروباوەڕی ڕۆشنبیرانە، شیعرگەلی هەجوی دژی سەرەڕۆیی دینی، بیری نیشتمانپەروەری، بە هێز کردنی خدە و خووی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خاوێن کردنەوەی زمانی ئەدەبیی کوردی و لە ئاکامدا پێکهێنانی هەست و ڕۆحی شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی دەنوێنێ.■■■

سەرچاوە : مێژووی ئەدەبی جیهان، بەرگی 7/ 1991 موسکۆ